هیچ شتێک لای خوای گەورە بەڕێز نییە وەکو نزا کردن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ شتێک لای خوای گەورە بەڕێز نییە وەکو نزا کردن».

[حەسەن - باش)] [(الترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە هیچ پەرستنێک لەلای خوای گەورە -سبحانه وتعالى- باشتر نیە لە نزا وپاڕانەوە؛ چونکە دانپێدانانە بە دەوڵەمەندی پەروەردگار -سبحانه وتعالى-، وهەروەها دانپێدانانە بە لاوازی وبێ توانایی بەندە کە بەردەوام هەژارە وپێویستی بە پەروەردگارێتی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5509